# خۆکوشتنی مەحوی

# لە شیعری "کە دیم ئاڵۆزە چاوی"




کافکا

ئارام سدیق

"مەحوی" لە ڕێگەی شیعرە غەزەل و سۆفیگەرییەکانییەوە و بەو دنیا جوان و پڕ لە ئیستاتیکایە بووە بەدەنگێکی دیار و نەمری نێو ئەدەبی کوردی. ئەوەی مەحوی لە شاعیرانی هاوسەردەمی خۆی جیادەکاتەوە ئەو سادەییەیە لە دەربڕینداو ئەو قوڵییەیە لە مانادا. ئەو جیا لە شاعیرانیتر و لە دنیایەکی جیاوازدا شیعری هۆنیوەتەوە، دنیایەك کە پڕبێت لە زۆرترین وشەی کوردی و لە چاو شاعیرانی هاوسەردەمی خۆی، بەرێژەیەکی کەم وشەی بێگانەی بەکارهێناوە.

پاش خوێندنەوەی سەرجەم دیوانی ئەم شاعیرە ئەم بۆچوونەم لا گەڵاڵە بوو، لە هەمانکاتدا کە مەحوی شیعری عەرەبی و فارسیشی هەیە و بەشێکی دیوانەکەی بۆ ئەم دوو زمانە تەرخانکراوە، بەڵام خوێندنەوەی شیعرەکانی مەحوی شاعیر دنیایەکی تایبەتترە لە هەموو شاعیرانیتر. ئەوەی مەحوی لە وەسفی ئافرەتێکدا دەینوسێ جیایە لەوەی شاعیرێکیتر دەینووسێ، ئەمەش تەنها تایبەتمەندێتی مەحوی نییە، بەڵکو هەموو شاعیرە دیارەکانی نێو ئەدەبی ئێمە هەڵگری شوناسێکی تایبەتی شیعرین و هەر ئەم شوناسەشە وای لەو شاعیرانە کردووە دەقەکانیان تا هەنووکەش بە نەمری بمێنێتەوە، بێگومان دەبێ ئاماژەش بەوە بدەم کە چەندین هۆکاری تر لە پشت زیندوومانەوەی بەرهەمی ئەو شاعیرانەدان‌و دەیان نهێنیتر هەیە.کە ڕەنگە لە چەند داهاتوودا پەییان پێببرێت.

یەکێك لە تایبەتمەندیە دیارەکانی دەقی شاعیرانی وەکو نالی و مەحوی و مەولەوی و سالم...هتد کە وای کردووە بەردەوام زیندووبن و ئەوەیە کە لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵگەکەی خۆیاندا ڕێ دەکەن و ئەو هێزەی بەردەوامی دەداتە هەنووکەیبوونی دەقی ئەم شاعیرانە، ئەو هێزە ئەفسوناوییەو ئەو

راستگۆییەیە لەدەربڕیندا، راستگۆیی بەو واتایەی شاعیر ئیحساسەکانی خۆی رتوش نەکات، ئەوەی شیعر دەکوژێ و نایەڵێت بە نەمری بژی و بەردەوام لەگەڵ ساتە جیاوازەکانی و گۆڕانە هەمیشەییەکانی کۆمەڵگەکەیدا بێت ناڕاستگۆییە لە گوتاردا و نوسینەوەی ئیحساسە رتووشکراوەکانە، یان دەتوانین بڵێین پیشاندانی هەموو رووداو و گۆڕانەکانی کۆمەڵگەیە بە دەمامکدارییەوە. بۆیە دەقی نەمر شاعیری راستگۆ دەینوسێ، شاعیری راستگۆ نەمرە. هەموو دەزانین لە هەموو سەردەمێکدا کۆمەڵێك شاعیر هەبوون، بەڵام ئەو شاعیرانەی کە نەمریان بۆ خۆیان بەدەستهێناوە زۆر کەم بوون. هەنووکەش لەنێو ئەدەبی کوردیدا چەندەها شاعیر هەن و رۆژانە بەرهەمی بڵاوکراوەیان دەبینین، بەڵام ئەوانەی هەستمان دەجوڵێنن و ئاشنای دنیایەکی پڕ فەنتازیامان دەکەن زۆر کەمن.

ئەوەی لێرەدا دەمەوێ ئاماژەی پێبدەم قسەکردنە لەسەر خۆکوشتنی مەحوی لە شیعری (کەدیم ئاڵۆزە چاوی) ئەم شیعرە، یەکێکە لە شیعرە غەزەلیەکانیو لەم شیعرەدا مەحوی راستەوخۆ موخاتەبەی دڵدارەکەی دەکات و سەرەتا مەحوی نیگەرانە لەوەی کە یارەکەی چاوی شێواوە لەسەرئەوەی چەند ناحەزێك لەبەینی هەردوولادا بوونەتە هۆی دروستکردنی فیتنە و قسە دروستکردن لە نێوانیاندا.

ئەوەی مەبەستی سەرەکی منە لەم نوسینەدا قسەکردنی مەحوییە لەسەر چەمکی (خۆکوشتن) و بەکارهێنانی غەزەلیانەی ئەم چەمکە لای شاعیر. مەحوی وەکو لەسەرەتادا ئاماژەیەکی خێرام پێدا زۆر زیرەکانە کاری کردووە و وردەکارییەکی زۆری لە بیر و مانا و زماندا لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە،



لەم شیعرەشدا بەهەمان شێوەش بەکارهێنانی هۆگەلێکی زۆر دواجار بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی مەرگ دراوە. بەکارهێنانی وشەکانی (ئاڵۆزی، کوشتنم، سوتاندنم، ئەجەل....هتد) لەسەرەتا و ناوەڕاستی شیعرەکەدا یەکێکە لە کارکردنێکی سایکۆلۆژیانەی شاعیر لەسەر بەکاربردنی چەمکی خۆکوژی لەو شیعرەدا. ئەگەر قسە لەسەر تەفسیرە سایکۆلۆژیەکەی شاعیر بکەین دەبینین لەسەرەتای شیعرەکەدا باس لە ئاڵۆزبوونی چاوی یار دەکات کە ئاماژەیە بۆ ئاڵۆزبوونی ژیان دواتر شاعیر دەڵێ(بەجێیە کوشتنم، سوتاندنم) ئەمەش لوتکەی بێئومێدی تاربوونی ئایندەیە، پاش ئەمەش کە دەنوسێ(وەك ئەجەل هات) واتە هاتنی مەرگ بۆتە حەقیقەت گەڕانەوەی یان دواخستنی لە دەستی ئەمدا نەماوە. تا دواجار دەڵێ" بەخۆکوشتن نەجاتی خۆ بدە (مەحوی). ئەمە دواچارە و دوا ترۆپکی مەرگدۆستیە لای شاعیر.

بیرکردنەوە لە خۆکوشتن، بیرکردنەوەیە لە گەورەترین نهێنی و رەنگە کەشفکردنی هەڵگری ئاڵۆزییەکی زۆربێت. بیرکردنەوەی مەحوی

سۆفیگەر لە (خۆکوشتن) سەرەتای وروژاندنی گەورەترین پرسیارە. پرسیارێك کە پڕیەتی لە نهێنی و نهێنیەکەش وەکو وتم کەشفکردنی هەڵگری ئاڵۆزییە، چونکە مەحوی شاعیر سۆفیگەر و ئیسلامە و لە ئایینی ئیسلامیشدا کەسی خۆکوژ بەرنەفرەتی خودا دەکەوێت. نەفرەتێك کە پاکبوونەوەی مەحاڵە، چونکە خودا باڵا دەستی هەموو گەردوونە ژیان و مردنی هەموو مرۆڤ و هەموو بوونەوەرەکانی تریشی بە دەستە،بۆیە هەڵبژاردنی مەرگ لەلایەن مرۆڤەوە یاخیبوون و شکاندنی سنوری پیرۆزییەکانی ئاینی ئیسلامەو کەسێکیش کە هەستێت بە شکاندنی سنوری پیرۆزیەکانی ئیسلام بەرنەفرەت دەکەوێت. دەکرێت لێرەدا پرسیارێك بکەین ئەی چۆن مەحوی خواناس و سۆفیگەر پەنا بۆ(خۆکوشتن) دەبات، ئەمە سەرەتای کێشەکانی دەروونی مرۆڤە، سەرەتای جودابوونەوەی عەقڵە، یان بەمانایەکی‌تر سەرەتای سەرهەڵدانی دووفاقی کەسێتییە، ئەم دووفاقیەش کۆمەڵگەو کارتێکەرەکانی دەوروبەری هۆکاری سەرەکین. لێرەدا دەکرێت بڵێن مەحویش وەکو هەر مرۆڤێکی تر هەڵگری سیمایەکی دووفاقی بووە، چونکە دین کە ئاینی ئیسلامە و مەحوی پەیڕەوکەریەتی دژی خۆکوژییە و ئەو بڕیارێکی لەشیعری ناوبراودا ئاماژەی پێکراوە، هەروەها بیرکردنەوەی مەحویش لەپووچی و تاڵی و بێ بەهابوونی ژیان سەرەتای سەوزبوونی تۆوی خۆکوشتنە لەهزری مەحویدا.

مرۆڤ لەبەرامبەر هاتنی مەرگ بێ ئەندازە بێ توانایەو ئەو حەقیقەتەشی درك کردووە کە هەرگیز ناتوانێ چرکەیەك مەرگی خۆی دوابخات، بۆیە کاتێك هەست دەکات لەهەرچوارلاوە بۆنی مەرگ دێت و مردن خەریکە دەبێتە هاوسێی لێرەدا بەناچاری خۆی بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی مەرگ دەدات. "مەحوی" یش بەهەمان شێوە هەست بەبۆنی مەرگ و هاتنی نەسیمی مەرگ دەکات بۆ نێو ژیانی، بۆیە لەدواجاردا و بەناچاری بڕیاری خۆکوشتن دەدات، لێرەدا خۆکوشتنی مەحوی لەم شیعرەدا جیانیە لەهەموو خۆکوشتنێکی تر لەگەڵ ئەوەی مەحوی لەوپەڕی نائومێدیدایە و مەرگ و کوشتن و سوتاندن لەچوارلاوە گەمارۆیان داوە و شاعیر دەخەنە دۆخی نائومێدیەوە نائومێدییەك کە چارەسەرکردنی نیەو هیچ شتێك ناتوانێ بەفریای مەحوی بکەوێت بۆیە زۆرناچارانەو لە دوا بەیتی شیعرەکەدا دەڵێ"

**بەخۆکوشتن نەجاتی خۆبدە(مەحوی) وەکو فەرهاد**
**لە زۆری قەهرەمانی عیشق، ئەفەندم، هەرئەجەل بەستە**

لێرەدا دەکرێت دیسان بگەڕێینەوە بۆ بیرکردنەوەی مەحوی لەهەڵبژاردنی مەرگ و بپرسین ئایا مەحوی لەوکاتەدا کەئەم شیعرەی نوسیوە چۆن بیری لە سۆفیگەری و دینداریەکەی نەکردۆتەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دەمانباتەوە بۆ پێناسەی شیعرو چۆنێتی لەدایکبوونی دەق، شیعر هەرگیز بەدەرنیە لە هەڵچوونە چرکەساتیەکانی خودی شاعیرو ئەو زەمەن و بارودۆخە سوسیۆلۆژی و سایکۆلۆژیەی شاعیر پێیدا گوزەر دەکات، هەروەها بەدەریش نیە لەکارتێکەرە دینی و مەزهەبیەکان، بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیربچێت کاتی بەرهەم هێنانی دەق بەتەنها هۆکارێك لەمانە باڵادەستی بەسەردەقدا دەکەن و ئەوانی تر پشتگوێ دەخرێن، چونکە زۆرکەمن ئەو دەقانەی هەڵگری هەموو کارتێکەرەکانی ژیان وبوون بن، هەموو دەقێك لایەنێك لەژیان و بوون دەنوسێتەوە، نوسەر لەکاتی نوسینی دەقدا تاڕادەیەکی زۆر لەپانتایی نەستدا کار دەکات واتە(لاشعور) کارێکی زۆر دەگێڕێت لەبەرهەمهێنانی دەقدا و هەندێك جار دەبێتە

کاریگەرترین فاکتەری هاتنە دنیای دەق. دەکرێت لێرەدا ئەو پاساوە بۆ مەحوی ڕاست بێت کە ئەم شیعرەی مەحوی لەنائاگاییەوە هاتبێتە بوون و لە چرکەی هاتنە دنیای دەقدا شاعیر لەوپەڕی نائاگایدا بووبێت، بێگومان ئەم ڕایەش هەڵگری ڕاستی ڕێژەییەو دەکرێت مەحوی زۆربەئاگاییەوە ئەم دەقەی نوسیبێت، بەڵام ئەگەر گریمانەی یەکەم ڕاست بێت ئەوا شەرعیەت دەدرێت بەڕاکەی مەحوی لەمەڕ هەڵبژاردنی مەرگ، بەڵام ئەگەر گریمانەی دووەم هەڵگری ڕاستیەکی زیاتربێت ئەوکات ئەگەر لەڕوانگەی دیینیەوە سەیربکەین هیچ پاساوێك بۆ مەحوی نامێنێتەوە لەبڕیاردان لەسەرمەرگی خۆی، بەڵام ئەگەر لە ڕوانگەیەکی بەدەر لەئاییینەوە سەیربکەین ئەوا مرۆڤ ئازادە لەوەی چۆن دەژی و چی دەکات و چۆن مەرگی خۆی هەڵدەبژێرێ، دواجار ئەوەی دەمەوێ ئاماژەی پێبدەم ئەوەیەکە چەمکی(خۆکوشتن) چەمکێکە هەڵگری دەیان و بگرە سەدان ڕاڤەی جیاو بۆچوونی جۆراوجۆرە و زۆرێك لەنوسەرانی دنیا ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ باسی ئەم چەمکەیان کردووە و دەبێ ئاماژە بەوەش بدەم کە باسکردنی خۆکوشتن لەسەردەمی یۆنانی دێرینەوە لەنێو نوسەراندا هەبووەو باسکراوەو لەسەدەی ڕابردووشدا(کافکا) یەکەمین هەڵگری بیری عەدەمیەتەو پاشانیش نوسەرانی وەکو کامۆو وڵف و هیدایەت و هەمینگوایی کارتێکەری ئەم بۆچوونە عەدەمیانەبوون و ڕەنگدانەوەی لە نووسین و ڕەفتاریاندا هەبووە، بەڵام ئەوەی مەحوی لەم نووسەر و بیرمەندانە جیادەکاتەوە ئەوەیە کە ئەم شاعیرە تا سەرئێسقان سۆفیگەرو دیندار بووە و ئەمەش یەکەمین هێڵی سوورە لەبەردەم ئەودا کە بەزاندنی مەحاڵە، بەڵام کاتێك مەحوی دێت و لەم دەقەدا باس لە هەڵبژاردنی مەرگ دەکات، بەدەر لەوەی لەبەشێکی دەقەکەدا پوچی ژیان هەست پێدەکرێت ، بەڵام ئەم شاعیرە لەو پەڕی زیکری عیشقدا و و لە پێناو مەعشوقەکەیدا مەرگ هەڵدەبژێرێت، واتە لەو بەیتەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا شاعیر دەیەوێ بڵێ" سەرەنجامی عاشق هەر مەرگە، چونکە ژیانی عاشق دەردو مەینەتە جا بۆ ڕزگاربوون لەو دەردو مەینەتە خۆکوشتنی فەرهاد ئاسا، کە ئاماژەیە بۆ خۆکوشتنێکی مەردانە دوابڕیارە کە ئەمەش دیسان ئەوە دەگەیەنێت مەحوی دەیەوێ بەسەربەرزی و لە پێناوی عەشقدا خۆی بکوژێ، کە ئەمەش خاڵی جیاوازی مەحویە لەم دەقەدا.